**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

پشت بە حوکمی برگە(1)لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموارکراو و لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عیراق لە دانیشتنی ژمارە (38)ی رۆژی (2007/12/30) یدا بریاری دەرچواندنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە( 38 )ی ساڵی / 2007

## یاسای راژەو خانەنشینی پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێمی کوردستان)

## دەروازەی یەکەم

## زاراوەکان

**ماددەی یەکەم:**

**یەکەم** : **هەرێم** : هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

**دووەم** : **فەرماندەی گشتی** : فەرماندەی گشتی هێزەکانی زێرەڤانی هەرێم.

**سێیەم** : **حکومەتی هەرێم** : حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**چوارەم** : **فەرماندەیی گشتی هێزەکانی پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێم)**: دەستەڵاتی باڵای پێکهاتەکانی هێزە چەکدارەکانی کوردستانە.

**پێنجەم** : **هێزی پێشمەرگەی کوردستان (زێرەڤانی هەرێم)**: بریتی یە لە هەموو پێکهاتەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەر لە سەربازەوە تاکو دەگاتە بەرزترین پلەی سەربازی.

**شەشەم** : **وەزارەت** : وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان.

**حەوتەم** : **وەزیر** : وەزیری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان.

**هەشتەم** : **شۆڕش** : قوناغێکە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان کە لە 11ی ئەیلوولی 1961ەوە دەست پیدەکات.

**نۆیەم** : **پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێم)**: ئەو کەسەیە بەشداریی لە شۆڕشی رزگاریخوازی کوردستاندا کردبێ بۆ بەدیهێنانی مافە دیموکراتی و نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان و یاخود بچێتە پاڵ ریزەکانی هێزی پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێم).

**دەیەم** : **خانەنشین** : ئەو پێشمەرگەیە کە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە مافی خانەنشینی هەیە.

**یازدەم** : **مووچەی خانەنشینی** : ئەو مووچەیەیە کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە کاتی خانەنشینی بۆ پێشمەرگە خەرج دەکرێت.

**دوازدەم** : **مووچە** : مووچەی بنەرەتی دوا مانگ کە پێشمەرگەی بەردەوام لە خزمەت بە پێی پلە و پایەکەی وەری دەگرێت .

**سێزدەم** : **مووچەی تەواو** : مووچە بە دەرماڵەوە.

**چواردەم** : **مافی خانەنشینی** : ئەو مافانەیە کە خانەنشین کراو یا میراتگرانی دەیان کەوی.
**پازدەم** : **خزمەتی خانەنشینی**: خزمەتی پێشمەرگە یاخود هەر خزمەتێکی تر کە دەشیٚ بخرێتە سەری بۆ مەبەستی خانەنشین کردن، ئەمەش بە پێی بڕیارێکی تایبەتی فەرماندەی گشتی هێزەکانی زێرەڤانی دەبیٚ.
**شازدەم** : **خزمەتی پێشمەرگە** : ئەو ماوەیەیە کە پێشمەرگە بەکردەنی لـە ریزەکانی شۆڕش بەسەری بردبیٚ و ئەو خزمەتەی لـە دوای شۆڕشدا لـە پێکهاتەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەبیاتە سەر.
**حەڤدەم** : **پاشەنشین** : میراتگری پێشمەرگەی خانەنشینە بە پێی حوکمەکانی (یاسای باری کەسیەتی).
**هەژدەم** : **شایستە** : ئەو کەسەیە کە شایستەی مووچەی خانەنشینیە دوای کۆچی دوایی پێشمەرگەی خانەنشین.
**نۆزدەم** : **بیٚ سەروشوێن** : ئەو پێشمەرگەیەکە بە هۆی ئەرکی پێشمەرگایەتی بیٚ سەروشوێن بووە و چارەنووسی دیار نییە.
**بیستەم** : **دیل** : ئەو پێشمەرگەیەکە بە دیل دەگیرێت لـە لایەن لایەنێکی دەرەکی یاخود هەر لایەنێکی دیکەی دوژمن لـە کاتی بەجێگەیاندنی خزمەت یا خود لـە پێناوی دا.
**بیست ویەکەم**: **دەستبە بە سەرکراو**: ئەو پێشمەرگەیەیە کە لـە لایەن لایەنێکی دەرەکی یان تیرورستی بە هۆی خزمەت یان لـە پێناوی دا دەستبە سەر دەکریٚ.

## دەروازەی دووەم
## راژەی ئەفسەران
## بەشی یەکەم (دامەزراندن)

**ماددەی دووەم:**

**یەکەم**: دامەزراندن و رەزامەندنی دەربڕین لـەسەر دەست لـە کار کێشانەوە و خانەنشین کردن و گەڕاندنەوەی بۆ خزمەت لـە پلـەی ملازم بەرەوسەرەوە ، بە پیشنیازی وەزیری پێشمەرگە و بە رەزامەندنی فەرماندەی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێم (زێرەڤانی) دەبێت یان ئەو کەسەی ئەو دەستەڵاتی پیٚ دەدات.
**دووەم** : سەرۆك ئەرکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و یاریدەدەرەکانی و فەرماندەی فرقەکان و پایە سەربازییە تایبەتیەکان بە پێشنیازی فەرماندەیی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێم و رەزامەندیی فەرماندەی گشتی دادەمەزرێن.

**ماددەی سێیەم** :

مەرجەکانی پێدانی پلـەی ملازم لــە هێــزی پێشــمەرگەی کوردســتان (زێرەڤــانی هــەرێم) بــەم شــێوەیەی خوارەوە دەبیٚ:
**یەکەم** : هاوولاٚتی هەرێمی کوردستان بیٚ.
**دووەم** : (20) سالٚی تەمەنی تەواو کردبێت و لـە (26) سالێش زیاتر نەبێت.
**سێیەم**: خاوەن ئابڕوویەکی پاش و رەوشتێکی بەرزبێت و لـەسەر تاوانێك یان کەتنێکی ئابڕوو بەر حوکم نەدرابیٚ .

**چوارەم** : دەرچووی یەکێك لە مانە بێت :

أ- یەکێك لە کۆلێجەکانی سەربازی.

ب- کۆلیج یا پەیمانگا بالآکان بە مەرجێك ماوەی خوێندنەکە یان لە چوار ساڵ کەمتر نەبێ.

ج-خولە تایبەتیەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

**پێنجەم:** مەرجەکانی تەندروستیو توانای جەستەیی تێدا بێتە دی.

**شەشەم:** مەرجەکانی بڕگەی (دووەم وچوارەم)ی ئەم ماددەیە ئەو ئەفسەرانە ناگرێتەوە کە بەهۆی ئەوەی پێشمەرگەی تێکۆشەر بوون لە ریزەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان پلەی ئەفسەرییان پێ بەخشراوە.

**حەوتەم:** دەرچووانی کۆلێژەکانی کۆمەڵەی پزیشکی و ئەندازیاریی لە کاتی خۆ بەخشکردنیان لە ڕیزەکانی پێشمەرگە(زێرەڤانی هەرێم) پلەی ملازمی یەکەمیان پێدەدرێ.

**ماددەی چوارەم:**

مووچەو سەرمووچەی ساڵانەی ئەفسەرەکان بە پێی یاسا دیاری دەکرێن.

## بەشی دووەم "پلەبەرزکردنەوە"

**ماددەی پێنجەم:**

پلەی ئەفسەرەکان بەپێی ئەم مەرجانەی کە لەم یاسایە دا هاتوون بەرز دەکرێنەوە، دوای تەواوکردنی ماوەی دیاری کراوی خزمەتەکەیان لە پایەکەیاندا لە ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وبەم جۆرەی خوارەوە:

| پایە | ماوەی پایە بەرزکردنەوە |
|---|---|
| مولازم | سێ ساڵ |
| مولازمی یەکەم | سێ ساڵ |
| نەقیب | چوار ساڵ |
| رائید | چوار ساڵ |
| موقەددەم | چوار ساڵ |
| عەقید | چوار ساڵ |
| عەمید | چوار ساڵ |
| لیوا | شەش ساڵ |
| فەریق | شەش ساڵ |
| فەریقی یەکەم | .......... |

**ماددەی شەشەم:**

مەرجەکانی پلە بەرزکردنەوەو پێشخستن و سزاو مۆڵەتەکان، بە یاسا دیاری دەکرێن.

## بەشی سێیەم
## خزمەتی پێشمەرگە(زێرەڤانی هەرێم)ی خۆبەخش

**ماددەی حەفتەم:**

**یەکەم** : پێشمەرگەی خۆبەخشکەر ئەو کەسە خۆبەخشەیە کە لە نێوان پلەی پێشمەرگە تا جێگری ئەفسەری پلە نایاب، ڕاژەی پێشمەرگایەتی کردۆتە پیشە بۆ ماوەیەکی دیارکراو.

**دووەم** : دامەزراندن و پلەپێدان و گواستنەوەی پێشمەرگە لە سنفێکەوە بۆ سنفێکی ترو کۆتایی هێنان بە خزمەتەکەی و خانەنشین کردنی یاخود گەڕاندنەوەی بۆ خزمەت ، بە پێی پێرەوێك و بەفەرمانی وەزیر یا ئەوەی دەستەلاتی پیدەدات دەبێت.

**ماددەی هەشتەم:**

مەرجەکانی وەرگرتنی پێشمەرگەی خۆبەخش ئەمانەی خوارەوەن:

**یەکەم**: دەبێ لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بێت.

**دووەم**: تەمەنی لە (18) ساڵ کەمتر نەبێ.

**سێیەم**: تەمەنی لە (25) ساڵ زیاتر نەبێت بۆ سنفە فەنیەکانو لە (30) ساڵیش تێپەڕ نەکات بۆ سنفەکانی تر.

**چوارەم**: خوورەوشتێکی بەرزو ناوبانگی باشی هەبێتو بەهیچ تاوانێك یان کەتنێکی ئابڕوبەر سزا نەدرابێت.

**پێنجەم**: ساڵی شەشەمی لە قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی تەواو کردبێت.

**ماددەی نۆیەم:**

**یەکەم**: پلەوپایەکانی پێشمەرگەی خۆبەخش بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

أ- جێگری ئەفسەر پلە نایاب.
**ب**- جێگری ئەفسەر پلە یەك.
**ج**- جێگری ئەفسەر پلە دوو.
**د**- جێگری ئەفسەر پلە سێ.
**ه**- جێگری ئەفسەر پلە چوار.
**و**- جێگری ئەفسەر پلە پێنج.
**ز**- جێگری ئەفسەر پلە شەش.
**ح**- جێگری ئەفسەر پلە حەوت.
**ط**- جێگری ئەفسەر پلە هەشت.
**ی**- رئیس عورەفا.
**ك**- عەریف.
ل-جێگری عەریف.
م-سەربازی یەکەم.
ن-سەرباز.

**دووەم**: مووچەو سەرمووچەی ساڵانەی پێشمەرگەی خۆبەخش بە یاسا دیاری دەکرێ.

**ماددەی دەیەم:**

**یەکەم:** خزمەتی پێشمەرگە لە ریزەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان یان لە ریزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بەر لە دەرچوونی ئەم یاسایە بە خزمەت بۆ هەموو مەبەستەکانی خانەنشینی و سەرمووچەی و پلەپێدان و بەرزکردنەوە و مۆڵەت بۆ ئەوانەی بەردەوامن لە خزمەت دادەنرێ بە مەرجێك خزمەتەکەیان لەلایەن فەرماندەی گشتی پەسند دەکرێ و لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە حیساب دەکرێ.

**دووەم** : ماوەی ئەو خزمەتەی کە پێشمەرگە پێشی 1991/3/5 یان ئەوەی لە مەیدانی جەنگدا یاخود لە ناوچەی جم وجۆلی سەربازی بەسەری بردبێ کە هێزەکان و کەرتە هاوبەشەکان بە فەرمانی وەزیر دەست نیشان دەکرێن بە خزمەتێکی دوو چەندانە بۆ مەبەستی خانەنشینی بۆ حیساب دەکرێ.

**ماددەی یازدەهەم:**

ئەگەر پێشمەرگەیەك دامەزرا یا گۆیزرایەوە بۆ وەزیفەیەکی تر، مافی ئەوەی هەیە خزمەتەکەی بخاتە سەروەزیفە نوێیەکەی بۆ هەموو مەبەستەکان و پێچەوانەی ئەمەش قەبوول ناکری تەنیا لە حاڵەتی خانەنشین کردنی نەبێ و ئەمەش بە پێی یاسا دەبێت.

**ماددەی دوازدەم:**

**یەکەم:** وەزیر بۆی هەیە بە رەزامەندیی فەرماندەی گشتی یا ئەوەی دەستەڵاتی پێ دەدات، گرێبەست لەگەڵ ئارەزوومەندانی خۆبەخش کردندا بکات بۆ کارکردن وەك ئەفسەر لەناو هێزەکانی پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێم) لە کاتی پێویستی و بەپێی پێویستی و پسپۆڕی.

**دووەم:** لەسەر پێشنیاری وەزیر وبەرەزامەندی فەرماندەی گشتی پایە دەدرێتە ئەوانەی حوکمی برگەی (یەکەم) ی سەرەوە دەیان گرێتەوە.

**ماددەی سێزدەم:**

**یەکەم:** ماوەی گرێبەستی بۆ ئەفسەران (10) دە ساڵە ودەشێ بە رەزامەندیی وەزیر (3) سێ ساڵ بۆ هەرجارێك درێژ بکرێتەوە.

**دووەم:** ئەفسەر لە خزمەتی پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێم) دوای تەواوکردنی ماوەی گرێبەستەکەی کار کەنار دەکرێ.

**سێیەم:** وزیر بۆی هەیە ماوەی گریبەستی ئەوانەی حوکمەکانی برگەی (یەکەم) لەم ماددەیەدا دەیان گرێتەوە لە حالەتی جەنگ و باری نا کاوی و جاڕدانی شەڕ درێژبکاتەوە.

**مادەی چواردەم:**

فەرماندەی گشتی لەسەر پێشنیاری وەزیر بۆی هەیە گرێبەستی ئەفسەر هەڵوەشێنێتەوە ئەگەر دەرکەوت پابەند نیە بە دابونەریت ودیسپلینی خزمەتی پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێم)، ئەمەش لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی لێکۆڵینەوەکە بۆ ئەم مەبەستەو پێك هاتبێت لەسەر راسپاردەی بەرپرسەکانی بە زنجیرەی بەرپرسیەتی.

**مادەی پازدەم:**

**یەکەم:** دەکرێ ئەفسەر ئینتیداب بکرێ بە رەزامەندی فەرماندەی گشتی بۆ خزمەتکردن لە دەرەوەی (پێشمەرگایەتی ـ زێرەڤانی هەرێم) بۆ ماوەیەك لە (3) سێ ساڵ ڕەت نەکات و قابیلی درێژکردنەوەیە بۆ یەك جار.

**دووەم:** دەشێ خۆبەخش بەرەزامەندی وەزیر ئینتیداب بکرێ بۆ دەرەوەی ( پێشمەرگایەتی ـ زێرەڤانی هەرێم) بۆ ماوەیەك لە (3)سێ ساڵ ڕەت نەکات و قابیلی درێژکردنەوەیە بۆ یەك جار.
**سێیەم:** (پێشمەرگە ـ زێرەڤانی هەرێم)ی ئینتیدابکراو دەگەڕێتەوە بۆ وەزیفەی( پێشمەرگایەتی = زێرەڤانی هەرێم) دوای تەواوبوونی ماوەی ئینتیدابەکەی یاخود لە کاتێك پێویستیان پێی بێت.

**ماددەی شازدەم:**

**یەکەم:** ماوەی خزمەتکردنی (پێشمەرگە ـ زێرەڤانی هەرێم)ی ئینتیدابکراو بۆ دەرەوەی ریزەکانی (پێشمەرگە ـ زێرەڤانی هەرێم) بە خزمەتی سەربازی دەژمێردری و لە کاتی بوونی مەرجی بەرزکردنەوە و شایانی ئەو بەرزکردنەوەیە بێت، بەرز دەکرێتەوە.
**دووەم:** مووچە ودەرماڵەی(پێشمەرگە ـ زێرەڤانی هەرێم)ی ئینتیدابکراو لەو لایەنە دەدرێ کە بۆی ئینتیدابکراوە ولە کاتی ئەو ئینتیداب کردنەدا حوکمە گشتییەکانی ئینتدابی بە سەردا دەسەپێنرێ.

**ماددەی حەڤدەم:**

وەزیر بۆی هەیە ئەفسەر بخاتە سەر نیوە مووچە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەسەر یەکێك لەم هۆیانەی خوارەوە:

**یەکەم:** گەر بەد ڕەوشت بوو بەپێی ئەو راپۆرتانەی بەرپرسەکانی بە زنجیرە لەسەریان نووسیوە.
**دووەم:** گەر نەیتوانی کارەکانی لە بەر بێ شیاوی جێبەجێ بکات ئەمەش بە پێی ئەو ڕاپۆرتانە دەبێ کە بەرپرسانی بە زنجیرە لەسەری بەرزدەکەنەوە.
**سێیەم:** سەرنەکەوتنی لە یەکێك لە دەورە حەتمیەکان یان بنەرەتیەکان لە سنفەکەی خۆیدا.

**مادەی هەژدەم:**

ئەفسەری خراوە سەر لیستی نیوە مووچە، لە رۆژی خستنە سەر لیستی نیوە مووچەوە ئەو مووچەیەی پێدەدرێ و دەبێ مل کەچی یاسا و فەرمانە سەربازییەکان بێت.

**مادەی نۆزدەهەم:**

ئەگەر ئەفسەر لەبەر بەدرەوشتی یان لەبەر بێ توانایی بە پێی برگەکانی (یەکەم و دووەم) لە ماددەی حەڤدەم لەم یاسایە خرایە سەر لیستی نیومووچەیی، ماوەی مانەوەی لە لیستی نیومووچەیی لە ماوەی خزمەتەکەی دەردەکرێ لە جاری یەکەم و دوو چەندانەیشی لی دەردەکرێ لە جاری دووەم و لە جاری سێیەمیش خانەنشین دەکرێ.

**ماددەی بیستەم:**

**یەکەم:** ئیمام لە (پێشمەرگە ـ زێرەڤان) دادەمەزرێ وپلەی خۆی پێدەدرێ وبەرزدەکرێتەوە وخانەنشین دەکرێ و بۆ خزمەت دەگەڕێنریتەوە و وازهێنانیشی بە بریاری وەزیر لی قەبوولْ دەکرێ.
**دووەم:** هەمان ئەوحوکمە یاساییانە ئیمام دەگرێتەوە کە بەسەر ئەفسەری هاوشێوەی لە مووچە دا پیادە دەکرێت، مەگەر دەقێکی تایبەتی یاسا هەبێت.

**ماددەی بیست ویەکەم:**

مەرجە ئەوەی بە (ئیمام) دامەزرێ هەمان مەرجەکانی کە لە ماددەی سێیەم لەم یاسایەدا هاتوون تێدابێ، بەدەر لە برگەی (چوارەم)ی و دەبێ بروانامەی بەرایی زانکۆی لە زانستەکانی شەریعەت یا ئایین یا هاوشێوەکانیدا هەبێت.

**ماددەی بیست‌ودووەم:**

ئەمانەی خوارەوە بە ڕێنمایی وەزیر دیاری دەکرێن:

یەکەم: پلەی ئیمام و مووچەو سەرمووچەی ساڵانەی و بەرزکردنەوەی.

دووەم: ئەرکەکانی ئیمام و بەرگ و نیشانەکانی.

**ماددەی بیست وسێیەم:**

ئەو ئافرەتانەی لە ریزەکانی هێزی(پێشمەرگە – زێرەڤانی هەرێم)خزمەت دەکەن مووچەی تەواو و هەموو ئەو دەرماڵانەیان لە کاتی منداڵ بوون و لە ماوەی مۆڵەتی دایکایەتی پێ دەدرێ.

## بەشی چوارەم

**ماددەی بیست وچوارەم:**

مەرجەکانی پلە پێدان و بەرزکردنەوەو سزادان و مۆڵەت و کاروبارەکانی تر بۆ پلەدارەکان بە یاسا دیار دەکرێت.

## دەروازەی سێیەم

## خانەنشینی

## بەشی یەکەم (خانەنشین کردن)

**ماددەی بیست وپێنجەم:**

پێشمەرگە لەم حاڵەتانە خانەنشین دەکرێ:

یەکەم: بەپێی تەمەن و ئەم خشتەیەی خوارەوە.

| پایە | تەمەن |
| --- | --- |
| فەریقی یەکەم/ فەریق | 63 شەست وسێ ساڵ |
| لیوا. | 60 شەست ساڵ |
| عەمید. | 58 پەنجاو هەشت ساڵ |
| عەقید. | 55 پەنجاو پێنج ساڵ |
| موقەددەم | 53 پەنجاو سێ ساڵ |
| رائید– نەقیب | 49 چل ونۆ ساڵ |
| مولازم– مولازمی یەکەم | 45 چل وپێنج ساڵ |
| لە جێگری عەریفەوە تا جێگری ئەفسەری فەننی | 55 پەنجاو پێنج ساڵ |
| لە جێگری عەریفەوە تا جێگری ئەفسەر | 50 پەنجا ساڵ |
| سەرباز تا سەربازی یەکەم | 45 چل وپێنج ساڵ |

دووەم: ئیمام لە کاتی تەواوکردنی شەست ساڵی تەمەنی خانەنشین دەکرێ.

سێیەم: لە کاتی تووشبوونی بە نەخۆشیەك رێ لە بەردەوامبوونی لە خزمەتەکەی بگرێ، ئەمەش بەپێی راپۆرتێك دەبێت کە لەلایەن لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕەوە دەرچووبێت.

**ماددەی بیست‌و شەشەم:**

بۆ سەرکردایەتی گشتی زێرەڤانی هەرێم یان ئەوەی دەستەڵاتی پێ دەدات هەیە پێشمەرگە خانەنشین بکات لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

یەکەم: ئەگەر لە میلاك زیاد بوو.

دووەم: ئەگەر دەرکەوت بێ توانایە لە خزمەتەکەی.

سێیەم: پابەند نەبوونی بە دابو نەریت وپرەنسیپەکانی پێشمەرگە.

## بەشی دووەم (مافەکانی خانەنشین)

**ماددەی بیست‌و حەوتەم:**

یەکەم: پێشمەرگە بۆی هەیە داوا بکات خانەنشین بکرێت ئەگەر خزمەتەکەی لە (15)ساڵ کەمتر نەبوو، بە مەرجێك لە ریزەکانی هێزی پێشمەرگەدا تۆمارکرابی و بەرەزامەندیی وەزیری پێشمەرگەبێ.

دووەم: ئەگەر پێشمەرگە خانەنشین کراو خزمەتەکەی لە (15)ساڵ کەمتر بوو ئەوا پاداشتێکی بۆ خەرج دەکرێ بە ڕێژەی (200٪)بەپێی دواموچەی بۆ هەر ساڵێك لە ساڵەکانی خزمەتەکەی.

**ماددەی بیست‌و هەشتەم:**

یەکەم: پێشمەرگە بۆی هەیە داوای خانەنشینی بکات ئەگەر خزمەتەکەی لە (15)ساڵ کەمتر نەبێ بە مەرجێك ناوی لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان تۆمار کرابێ و وەزیری پێشمەرگە پەسندی کردبێ لەسەر بنچینەی دواموچەی کە وەری دەگرت یان مووچەی پایەکەی کە بەپێی ئەوەوە خانەنشین کراوەو جارانی ژمارەی مانگەکانی خزمەتی خانەنشینی دەکرێ و دابەشی 260 دەکرێت.

دووەم: دەرماڵەی هاوسەری ومنداڵان (50000)پەنجا هەزار دینار بۆ هاوسەرو (25000)بیست هەزاریش بۆ هەریەك لە منداڵەکانی تاکو رادەی (5)پێنج منداڵ.

سێیەم: بۆ مەبەستی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی بڕگەی (یەکەم)لە ماددەیەدا کەرتی مانگ بە مانگی تەواو وکەرتی ساڵیش بە ساڵی تەواو دادەندرێ.

چوارەم: مووچەی خانەنشین لە هەموو حاڵەتێکدا لە دواموچەی کە لە کاتی خزمەتدا وەری دەگرت تێپەڕناکات.

**ماددەی بیست‌و نۆیەم:**

یەکەم: ئەگەر پێشمەرگە خانەنشین کرا یاخود بە خانەنشین کراو داندرا، پاداشتی کۆتایی خزمەتەکەی بەم جۆرە بۆ خەرج دەکرێ:

أ-تەواوی مووچەی ساڵێکی ئەگەر خزمەتی خانەنشینیەکەی بەر لە مێژووی 1991/3/5لە (15)ساڵ کەمتر نەبوو.

ب-تەواوی مووچەی ساڵێکی ئەگەر خزمەتەکەی لە بیست ساڵ کەمتر نەبوو.

دووەم: جگە لەوانەی لە بڕگەکانی (أ، ب)لە (یەکەم)ی سەرەوەی ئەم ماددەیەدا هاتووە، پاداشتێك بە خانەنشین دەدەرێ کە بڕی مووچەی دوایین شەش مانگی بێ لەو کاتەی کە لە خزمەتدا بووە.

**ماددەی سییەم:**

ئەگەر پێشمەرگە یا خانەنشین کۆچی دوایی کرد، هەموو مافەکانی خانەنشینی و دەرماڵـەکانی خێزانـی و ئەو مافانەی کە دەیکەوێ لـە ئەنجامی خزمەتەکانی بۆ پاشەنشینەکانی دەبێ هەروەکو لـەم یاسایەدا دیـاری کراوە.

**ماددەی سی‌ویەکەم:**

مافەکانی خانەنشینی لـە ڕۆژی دەستهەڵگرتن لـەکار یان مردنەوە خەرج دەکرێت، ئەگەر داواکارییەکە لـە ماوەی پتر لـە (3) سێ ساڵدا دوا کـەوت، ئـەو کـات لـە ڕۆژی پێشـکەش کردنـی داواکـەوە خـەرج دەکرێت، ئەگەر دواکەوتنەکە بە بیانوویەکی ڕەوا نەبوو.

**ماددەی سی‌ودووەم:**

ئەگەر خانەنشین لـە وەزیفەیەکی دیکەدا دامەزرا، مـافی ئـەوەی هەیـە لـە نێـوان مووچـەی خانەنشـینی و مووچەی وەزیفی کامیان بۆی باشترە یەکێکیان هەڵبژێرێت.

**بەشی سێیەم**

**بێ سەرو شوێن و دەستبەرکراو**

**ماددەی سی‌و سێیەم:**

یەکەم: لـە حاڵەتی بێ سەرو شوێن بوون و دەستبەسەر کردنـی پێشـمەرگە، مووچـەکەی بـە تـەواوی بـۆ میراتگرانی شەرعی خەرج دەکرێ تا گەڕانەوەی یان ساغبوونەوەی مردنی.

دووەم: مافەکانی خانەنشینی دەدرێتە پاشـینەی پێشـمەرگەی بـێ سـەرو شـوێن یـا دەستبەسـەرکراو لـەم حاڵەتانەی خوارەوە:

أ–لـە ڕۆژی ساغبوونەوەی مردنی.

ب–دوای تێپەڕبوونی (2)دوو ساڵ بەسەر بێ سەرو شوێن بوونی یا دەستبەسەر کردنی ئەگـەر مردنەکـەی ساغ بووەوە.

ج–ئەوانەی بڕگەکانی (أ، ب)ی ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوە بە شەهید دادەنرێن و دەخرێنە سـەر وەزارەتـی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان.

سێیەم: ئەگەر سەلمێنرا بێ سەرو شوێن بوون و دەستبەسەر کردنی پێشمەرگە بەهۆی کەمتەرخەمی خۆی یا پابەند نەبوونی بە پرەنسیپەکانی پێشمەرگەوە بووبـێ، ئـەوا خانەنشـین دەکـرێ و ڕێکـاری یاسـایی دەرهەق وەردەگیرێ.

چوارەم: ماوەی بێ سەروشوێنەکەی یا دەستبەسەرەکەی بە خزمەت بۆی دەژمێردرێ، بـە دەر لـەوەی لـە بڕگە(سێیەمی)ئەم ماددەیەدا هاتووە.

**ماددەی سی‌وچوارەم:**

پێشمەرگە(زێرەڤانی هەرێم) مافی خانەنشینی لـەم حاڵەتانە خوارەوە پێدەدرێ:

یەکەم: مردنی لـە کاتی خزمەت یاخود لـە ئەنجامیدا ئەگەر خزمەتەکەی وەك پێشمەرگە لـە (15)پازدە ساڵ کەمتر بێ دوای ئەوەی کە خزمەتەکەی دەگەیەنرێتە (15)ساڵ.

دووەم: شـەهید لـەبـەرەی شـەڕو ئۆپراسـیۆنی سـەربازی مـاف و ئیمتیـازاتی بـەپێی یاسـاکانی وەزارەتـی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان. پێدەدرێ.

سێیەم: بڕگەی(یەکەم)ی سەرەوە ئەو پێشمەرگەیە دەگرێتەوە کە بەردەوام بووبێ لە خزمەت بەر لە راپەڕینەکەی 1991/3/5تاکو رۆژی مردنی.

چوارەم: ئەوانەی کە حوکمەکانی ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوە دۆسیەکانیان بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان وەك لایەنی پەیوەندیدار دەگوازرێتەوە .

**ماددەی سی و پێنجەم:**

**یەکەم:** تەواوی هەموو مووچە و دەرماڵە و مافەکان بۆ ئەو کەسانە خەرج دەکرێ کە دیلەکە لە ماوەی دیلیەکەی بەخێوی دەکردن.

**دووەم:** ماوەی دیلیەکە بۆ هەموو مەبەستێك وەك خزمەتی کردەیی حیساب دەکرێ.

## بەشی چوارەم ( حوکمە جیاجیاکان)

**ماددەی سی و شەشەم:**

خانەنشین کراو یان میراتگرانی لە مافەکانی خانەنشینی بێ بەش دەکرێن ئەگەر دەرکەوت خیانەتی کردووە یاخود هاریکاریی لەگەڵ لایەنە دوژمنەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە.

**ماددەی سی و حەوتەم:**

ئەگەر خانەنشین کراو بە فەرمانی فەرماندەیی گشتی هێزەکانی زیرەڤانی کوردستان گەڕێنرایەوە بۆ خزمەت، ئەوا پاداشتی خانەنشینی بۆ جاری دووەم پێ نادرێ.

**ماددەی سی و هەشتەم:**

ئەوەی کە خانەنشین دەکرێ و مافەکانی خانەنشینی بۆ خەرج دەکرێ بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە نابێ مووچەیەکی فەرمی دیکە وەرگرێ.

**ماددەی سی و نۆیەم:**

هەر کەسێك لە پێش راپەرین چووبێتە پاڵ ریزەکانی شۆڕش تاکو 1991/3/5 و خزمەتەکەی لە (3) ساڵ کەمتر نەبێ ، خانەنشین دەکرێ و خزمەتەکەی دەگەیەنرێتە (15) پازدە ساڵ بەم مەرجانەی خوارەوە:

**یەکەم:** هیچ مووچەیەکی فەرمی نەبێت.

**دووەم:** رۆژێك لە رۆژان لە دژی شۆڕش نەوەستا بێت.

**سێیەم:** ئەو ماوەیەی پێش راپەرین خزمەتی کردبێ بەبێ پچڕان.

**چوارەم:** لە کاتی بوونی بە پێشمەرگە (16) ساڵی لە تەمەنی تەواو کرد بێت.

**ماددەی چلەم:**

لــە کــاتی هــەموار کــردن و گــۆڕانی سیســتەمی مووچــە، مووچــەی خانەنشــینکراو لەگــەڵ مووچــەی پێشمەرگەی بەردەوام لە خزمەت بە هەمان ڕێژە و پلە و پایە یەکسان دەکرێ.

**ماددەی چل و یەکەم:**

هەموو ئەو کارمەندانەی لە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستاندا کار دەکەن بە پێشمەرگە دادەنرێن بە پلە و پایە و ناونیشانی ئێستایان و هەموو مافێکی خانەنشین پێشمەرگەیان دەکەوێ.

**ماددەی چل و دووەم:**

ماوەی خوێندن لە کۆلێج و پەیمانگاکان کە پێشمەرگە لە ئەنجامیــدا بڕوانامــەی وەرگرتــووە بەنیســبەت ئەفسەران بە خزمەت بۆ مەبەستی تەنیا خانەنشینی حسێب دەکرێ.

**ماددەی چل و سێیەم:**

**یەکەم:** نابێ تەنازول لە مافەکانی خانەنشینی بۆ کەسێك یان لایەنێك بکرێت و هەر تەنازولێك لەو جــۆرە بە پووچەڵ دادەنرێ.

**دووەم:** دەست بەسەر پاداشتی خانەنشینیدا ناگیرێت بە هۆی قەرزێك کەوتبێتە سەر خانشینکراو تەنیا لــەم حاڵەتانەی خوارەوە نەبێ.

أ ـ نەفەقەی شەرعی.

ب ـ بۆ دانەوەی قەرزی خەزینەی هەرێم.

**سێیەم:** بە هەر هۆیەك بێت نابێ دەست بەسەر زیاتر لە 25٪ ی مووچە یا پاداشتی خانەنشینیدا بگیرێت.

**ماددەی چل و چوارەم:**

فەرمانداری گشتی بۆی هەیە خزمەتی ئەفسەری پایەرز و تەکنیکی و پسپۆڕەکان درێژبکاتەوە لە حاڵــەتی پێویستدا کە بەرژەوەندیی گشتی دەخوازێ بەمەرجێك ماوەی درێژ کردنەوەکە لە دوو ساڵ تێپەڕنەکات.

**ماددەی چل و پێنجەم:**

ئەم یاسایە ئەو کەســە ناگرێتــەوە کــە بــە شــێوەیەکی یاســایی ســەلمێنرا دەســتی هــەبووە لــە دامودەزگــا داپلۆسێنەرەکانی ڕژێمی لە ناوچوو و بەشداریی کردبێ لە تاوانــەکانی ڕەشــەکوژی و ئــەنفال و کۆمــەل کوژی (جینۆساید)ی گەلی کوردستان.

**ماددەی چل و شەشەم:**

پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێم) ئەوەی حوکمەکانی ئــەم یاســایە دەی گرێتــەوە ســوود لــە هــەموو مــاف و ئیمتیازێکی هاوشانی لە کارمەندانی سوپای عیراقی وەردەگرێ کە یاسای خزمەت و خانەنشینی فیــدراڵی کارپێکراو یا هەر یاساییێکی دیکەی فیدراڵی دەیانگرێتەوە.

**ماددەی چل و حەوتەم:**

نابێ چالاکی حزبی لە نێو ریزەکانی هێزەکانی پێشمەرگە بنوێنرێ.

**ماددەی چل و هەشتەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە هاوولاَتیانی کوردستان لە دەرەوەی هەرێمیش دەگرێتەوە.

**ماددەی چل و نۆیەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێ گەر ناکۆك بێت لەگەلَ حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی پەنجایەم:**

ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆیان هەیە پێڕەو و ڕێنمایی پێویست هەر یەکە بەپێی تایبەتمەندیی خۆی بۆ ئاسانکاریی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات .

**ماددەی پەنجاو یەکەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی پەنجاو دووەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکەی و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)دا بلاَودەکرێتەوە.

**عدنان موفتی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**

**کوردستان - عیراق**

## - هۆیە پێویستەکان -

لەبەر گرنگی ڕۆڵی پێشمەرگەی کوردستان لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان و چەسپاندنی دەسکەوتەکان و پاراستنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەشداری کاریگەریان لە بنیاتنانی و بۆ ڕێزلێنان لەو تێکۆشەرانەی کە ڕەمزی شۆڕش بوون و بەرامبەر بەوەش شایستەن ژیان و خۆش گوزەرانیان بۆ فەراهەم بکرێت و مافەکانیان دیار بکرێت و لەمەودوا ڕێزیان لێ بگیرێت و هێزی پێشمەرگەش وەك هێزێکی سەردەم و نوێ ڕۆڵی خۆی لە ئەنجامدانی ئەرك ببینێت لە پێناو، پاراستنی هەرێمی کوردستان پێناو، بۆیە ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

---

**تێبینی: ئەم یاسایە بەبڕیاری ژمارە ( 4 ) لەساڵی 2008 لەلایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا.**